حەمە سەعید حەسەن

داوام لەکاك مەسعود کردووە بەچاوی سۆزەوە بڕوانێتە د. کەمال نەك بەچاوی یاسایی

ڕۆژنامەی هاوڵاتی و چاپخانەی ڕەنج ناوی منیان لەلیستی ڕەشدا نووسیوە

دیمانە :
سیروان ئاشاد
شاخەوان عومەر سلێمان

***ماوەیەکە زۆر زۆر سەرنجی کوردستان دەکێشێ بە تایبەتی دوای ئەو خەڵاتەی کە لە دەزگای ئاراس پێت بەخشرا، پێشووتر بەم جۆرە سەرنجی کوردستانت نەدەکرد؟**

–ئەوە لە کۆتایی ساڵی پارا بە خەڵاتەکەی دەزگای ئاراسم وەرگرت، هەر ئەم ساڵ لە مانگی حەوتدا گەڕامەوە بۆ کوردستان، ڕاستیەکەی من پێشووم هەبوو لە جیاتی ئەوەی بچمە وڵاتێکی دیکە، لە کاتی پێشووەکەمدا گەڕامەوە بۆ کوردستان، ماوەی حەفدە تا هەژدە ساڵە لە ئەوروپام، بۆزارییووم لە مانەوەم لەوێ، جگە لەوەش پێشووتر مناڵەکانم بچووك بوون و پێویستیان بە کۆمەکی من هەبوو، ئێستا ئەوان گەورە بوونە لەبەر ئەوە ئەم جارەیان بۆیە هاتووەتەوە تاوەکو لە کوردستان بمێنمەوە، هیوادارم گەڕانەوەکەم بە یەکجارەکی بێت.

***چ لە جاران پێشوو یان ئەم جارە کە گەڕاوەتەوە سەرنانی هاری سلێمانیت کردووە؟**

–تا ئەخێرا سەرنانی ئەوێم ئەکردووە، بەڵام پێم وایە هیچ ئەگەر و کۆسپێك نەبێت لە بەردەستدا تا سەرنانی ئەوێ ئەگەر مرۆڤ گەر لێرە بمێنمەوە ئەوا بێ گومان سەرنانی ئەوێش دەکەم.

***هۆکاری ئەچوونت بۆ ئەو شارە، ئایا هۆکاری ئەمنیە یان هۆکارێکی هێمایی هەیە، لەوەی کە تۆ لەوەگر ئێستا سەرنانیت نەکردووە، لە کاتێکدا خۆت خەڵکی شارەکەی؟**

–ئا ئەخێر بەتەمبەت خۆمەوە هەست دەکەم گەر بچمەوە ئەو شارە هیچ مەترسیەکم لە سەر نییە.

*** دەربارەی چاپکردنی بەرهەمەکانت، بۆچی زیاتر کتێبەکانت لە دەزگای ئاراس چاپ دەکەیت؟ لەکاتێکدا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان زۆرن، یاخود بۆچی جارێکیان بەرهەمێکت لە دەزگای سەردەم یان چاپخانەی ڕەنج لەچاپ نەدراوە؟ ئاخۆ هۆکاری ئەمەیان چییە؟ ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تۆ ڕێ لەگەڵ بڕادەرانی هاوڵاتی یان هێرکل بکەکس لە دەزگای سەردەم ناکێکی؟**

–دیارە من دەزگای ئاراس بە باشترین دەزگای چاپ دەزانم لە کوردستان، بە هەردوو ئیدارەکەوە ، ئەم دەزگایە ئاوەکو ئێستا تۆ کتێبی بۆ من چاپ کردووە ، ئەو خەڵاتەشی وەرم گرت لەبەر کتێبە ڕەخنەیەکەم بوو بەناوی (قولپی پێکەنین) ، کە ئەوان بۆیان چاپکرد، کە پێدەوایە باشترین کتێبی منە، دەربارەی دەزگای سەردەم من هیچ جۆرە کێشەیەکم لەگەڵ ئەو دەزگایە نییە، وە لە سەرەتای دروستبوونی دەزگای سەردەم لە گۆڤارەکەیان یەکدو شیعرم ، بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو دەزگایە هیچ داوایەکی لە من نەکردووە کە کتێبێکیان بۆ بنێرم چاپی بکەن ، سەبارەت بە چاپخانەی ڕەنج و ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە ڕاستی ئاوی منیان لە (لیستی ڕەش)ی خۆیان ناخوا، بەو مانایەی ئەگەر ئومێدێکی من هیچ پەیوەندیەکی بە سیاسەتەوە نەبێت ، ئەوان بڵاوی ناکەنەوە چەند ساڵێکیشە ئەو بڵاوکراوانەی کە لە سلێمانی دەردەچن و ئزێکن لە یەکێتی ئیسلامی، ئوسینەکانی من بڵاو ناکەنەوە.

***دوو بەرهەست لەسەریان نوسراوە کە لە سۆنە چاپکراون بەڵام لەناو خوێنەران و ڕۆشنبیران دەنگێکی ئەوە هەیە کە ئەم بەرهەمەلەت لە دەزگای ئاراس لە کوردستان چاپکراون نەمانە چەند ڕاستن؟**

–ئەو چاپخانەیەی کە ناوەکەی لە سەری نوسراوە ، چاپخانەی هەڵبجەیە لە سۆنە پێش چەند کتێبێکی بۆ من چاپکردووە، ئەتانەت گۆڤاری (خەرمانە)ش بە شێك لە ژمارەکانی ئەو چاپخانەیە لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردنەو کتێبەی کە تۆ دەیڵێی (جەلالی نامە) لە سۆنە چاپکراوەو لە وێدە هاتووەو بۆ ئێرەو بە ئێمە نیازم هەیە ئەو کتێبە جارێکی دیکە لە کوردستان چاپ بکەمەوە بە شێوەیەکی فراوانتر بەرێکوتر، ئەوە بۆ من گرنگ نییە (جەلالی نامە) (بە ڕوخسەتی شێخ ڕەزا) لە کوێ چاپکراون، گرنگ بەلای منەوە ناوەڕۆکەکەیانە، بیارە کتێبەکەی (جەلالی نامە) یەکەم وتاری کە لەگەڵ دوا وتاری کە نووسیومە دەسالی نێوان هەبووە، هەر لەبەرئەوە و هەروشەیەکی لەسەر خواستی خۆم نووسیومە و بەڵامەو هیچ حەساسیەتێك نیە ئەگەر دەزگای ئاراس یان هەر دەزگایەکی دیکە بیەوێت چاپی دووەمی بکات.

***ماوەیەك لەسەر پێناس لە ڕۆژنامەی (میدیا)دا لەبارەیکدا ڕەخنەت لەخۆت گرتووەکە وا زیاد لە پێویست، ڕەخنەت لە یەکێتی و بەرێز ئاڵەبانی گرتووە، ئەوەیان وائێکدانەوەی بۆ کرا کە تۆ وەك ئەوەی بڵێی لەسەر نووسینەکانی پێشووترت پەشیمان بیت؟**

–من نووسینەکانم زۆر بە سادەو ساکاری دەنووسم، ئەو نووسینەش هەر وایوو، خۆمن ڕۆمان یان چیرۆکم نەنووسیوە تا سەدان خوێنەرەوە هەڵگرێت، نووسینێکی ئاسایی بوو لە ڕۆژنامەیەکدا بە ئاشکرا نووسیومە، بیارە من کۆمەڵێك نووسینم لە سەر یەکێتی و سام جەلال لە ماوەی دەساڵدا لە (جەلالی نامە) نووسیوە، جا وەکو ڕۆژنامەنووسێك کە خۆم کارم تیایدا کردووە، ڕەخنەم لەوانەیە تێگەتیفەگرتووە کە ڕۆژنامەنووسێك دەق نگەڕێت بۆ ماوەیەك بەوتنی شتێکەوە یان هەر لە سەر بابەتێك بەوات ئەگینا من هەر لەو نووسینە باسم کردووە کە من لە هیچ لایەکی نوسینەکانی خۆم پەشیمان نیم و ڕۆژێ جدی و وریایەوە ئەو بابەتە سیاسیانەم نووسیوە.

***چەند ڕۆژێك دوەمەر (دکەمال سەید قادر)ی زیندانی حەمە بەندکراو بە ئەوەی دەسەڵاتی هەرێمی ئەو لە شەوێدا (٨)کەسایەتی کردووە؟ ئەوانیش شکابەیتیان لێ کردووە، ئەوەندەی بە گوتەی هەندێك خەڵك ئاشاسلی بووبەوەی کە دەبوایە بانگبێشتی بەردەم دادگا بکرایایە ئەو سا لێپچاندەوەی لەگەڵ بکرایا تۆیچ لەمەلیانکت هەیە؟**

–من هەوڵم دا پێش ئەوەی دکتۆر کەمال بگەڕێتەوە کوردستان پەیوەندی پێوە بکەم چ بە مۆبایلەکەی یان لە ڕێگەی ئیمەیلەکەیەوە، بەڵام بەڕاستی دەسگیرم نەبووبە ناخەوە من ڕۆژ نیگەرامم کە دکتۆر کەمال گیراوە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایش بگیرایە هەر پێم ناخۆش بووبە، بەڵام بیارە ئەو بابەتانەی ئەو بڵاوی کردونەتەوە کە لە بەری وایان ئیابوو کە داوای لە سەر تۆمار بکرایت کە ناوەکە ئەی لەسەر تۆمارکرا لە دەقیت نووسی سزا بیت، لەبەر ئەوە من بڕیوەکەیەکم نووسی بۆ کاك مەسعود بارزانی، کە بە چاوی سۆزەوە لێی بڕوانرایت، ئەوبڕوسکەیە دوور لە ڕژێنەیبووبەوە وریایەوە وشەکانم هەڵبژاردبوون چونکە ئەگەر بم نووسیایە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی یاسا ئاڵنگاری بکرایت، ئەمزانی لە زەرەری ئەبێت، چونکە ئەو تۆمەتانەی یان ئەو جنێوانەی یان ئەو تۆمەتە بێ بڵگانەی ناوفیەتیە پاڵ چەند کەسایەتیەتەمن دڵنیام کە دکتۆر کەمال ئاتوانێت هیچ یەکێك لەوتۆمەتانە بسەلمێنێت.

بەڵام بە پێی زانیاریەکانی من لەسەر بیرو ڕا لەمێ چوار ساڵی ڕابردووبا لە هەولێر ڕەنگە لە سلێمانیش وایوویت هیچ کەسێك سزا ئەدراوە، خەڵك دووچاری زیندانی بوون ڕۆژێك یان دوان یاسیان بەڵام کەس سزای یاسایی بۆئەو ڕاوەتەوە ئەتانەت هەبوون حوکمیش دراون، ڕاپەرین هەردی حوکم درابە ساڵێك، بەڵام جێ بەجێ ئەکرا هیوادارم دکتۆریش سزا ئەدریت یان ئەگەر سزاش درا جێ بەجێ نەکرێت.

***بەڕای تۆ ئەم گرتنەی بۆ ترسێك لە دەسەڵات ناگەڕێتەوە لە کەرانەوەی مانەوەی دکتۆر کەمال ، لەوەی کە بگەڕێتەوە کوردستان لە ڕێی ئەو بەرنامەو کۆڕانەی کە ئەیگێڕێت و ئەجامیان دەمەت کارێك بکات کە لەبەرژەوەندی دەسەڵات نەبێت؟**

–من پێم وایە ئەگەر ڕێگایان بدایە دکتۆر کەمال لێرە دووسێ کۆڕێنی بگێڕایە، کاریگەری ئەدەبوو لەسەر دەسەڵات، دکتۆر کەمال هەرهەنە نییە بۆ سەر دەسەڵات، هەر چەندە من لە دیمانەیەکی ڕادیۆیدا وتم ئەوسایەی کە دکتۆر کەمال نووسینەکانی خۆی تیادا بڵاوکردۆتەوە سایتی کوردستان پۆستەمن ئەم سایتەم بە دیواری ئەوالیتی مزگەوت نوبهاڕووە کە هەر کەسێك هەر جیەکی بۆ بنووسێت بڵاوی دەکاتەوە، دکتۆر کەمال ئەو جنێوانەمانەو تۆمەت نامانەی بۆ دوو سایتی کوردستان ئێت و دەنگەکان ئاردبووەوە، ئەوان زانیوویان ئەوانە جنێوانەی بڵاویان ئەکردبوونەوە بەڵام دوانر لە کوردستان پۆست کە خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە جنێوانامانەت ڕەخان کردووە، یۆیان بڵاوکردووە.

ئەگەر دوو ئاوانبار هەبن لەم کێشەیەدا ئەوە یەکەمیان (کوردستان پۆستە) کە ئەو جنێو نامانەی بڵاوکردۆتەوە ئەوانەی دکتۆر کەمال نووسیونی نوسین ئەبەڵکو جنێو نامە بوون کە بەڕاستی لە بازاڕیش خەڵك ڕووی نایە بەو زمانە قسە بکات.

***گرنگی ڕەهەندیەکان ئێستا لە سلێمانی بەهۆکاری دەزگای سەردەم گۆڤارێکی ڕەخنەیی بەناوی (سەردەمی ڕەخنە) بڵاودەکەنەوە، بە ڕای تۆ ئەم هەڵوێستەیان مانای نزیکی و نێزیکەل بوونیان ئاگەیەنێ لەگەڵ دەسەڵات؟ لە کاتێکدا خۆیان لە تۆپوانین و نووسینەکانیان هەمیشە دەسەڵات بەرە دەناسێنن کە ڕەشدبێر لە دەنگی سەربەست و ئازاد دەمانت؟**

–من پێم وانییە کارکردنی ئەوان لەگەڵ گۆڤارێکی وەکو سەردەمی ڕەخنەدا مانای پەیوەست بوونی ئەوان بێت بە دەسەڵاتەوە، بۆ نموونە دەزگای سەردەم کە سەر بە ئیدارەی سلێمانیە وەلەناو دەزگاکەشدا ڕێنگە هەندێك هەین هاو مۆزیران هەبێت لەگەڵ یەکێتی بەڵام هەرچ نیە هەموویان سەر بە یەکێتی ئیسلامی و ئیدارەکەین، یانی ئەوان ئەتوانن گۆڤارێکی ڕەخنەیی دەربکەن و سەربەخۆیی خۆشیان بپارێزن، ئەوەی کە ئێستا کاك بەختیار عەلی و کاك مەریوان وریا قانیع نزیك دەبنەوە لە دەزگایەك کە سەربە دەسەڵاتە ئەمەیان شتێکی تازە نیە، هەر لە نوای ڕابەرینەوە تاوەکو ئێستا، گۆڕیی ڕەهەندیەتایەتی کاك بەختیار و مەریوانیش ئەوانە یەکێتی ئیسلامی و ئیدارەی سلێمانی بە چاوی سۆزەوە سەیری کردوون و هەمیشە ڕوناکی خستۆتە سەریان، لەبەر ئەوە هیچ و مرچەڕخانێك نیە لەمێتۆدی کارکردنی ئەو بڕادەرە هۆزایانەی کە ئاومان هێنان، ئەمیان کارێك کە دەزگای ئیشکردنەکانی ئەوانەئەگەر چی ئەوان بانگەشەیان بۆ ئەوە کردبێت کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە یەکێتی و ئیدارەی سلێمانیەوە نیە، بەڵام بە ڕاستی مێژوی کارەکانی ئەوان هەر لەسەرەتاوە کە گۆڤارلیکان دەرکرد بەناوی (ئازادی)وە ئەوەش هەر لەسەر ئەرکی یەکێتی ئیشتمانی بڵاوبۆوەتەوە جا هەر جارێك ئامازەم بەوەش کردووە کە هاوڵاتیش زۆر دوور نیە لە یەکێتی ئیشتمانییەوە دەرکرابێت (گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە)ەو دەرئەدەنەبە هەوڵ و خەباتی ئەوان لەو بوارەدا و لە سایەی یەکێتیداو بە کۆمەکی یەکێتی جابە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بە ساڵیکی ڕەوای خۆیان ئەزانم، بەڵم باشە دەسەڵاتی کوردی لە سلێمانی بێت یان لە هەولێر کۆمەکی ئەبێت لە ڕاستەقینەکان بکات، بۆ ئەوەی لە بواری دامێنانی خۆیاندا گۆڤار یان کتێب بڵاویکەنەوە.

***بەڵام وەکو گوتم ئەوان بەرەنزوانن و دنیا بینیانەی خۆیان گەجانێکی ئازدیان وائێ کردووە کە هەرگیز بەرخۆر لەگەڵ دەسەڵات نەکەن و لێیان دوورە بەرێزیش کەچی خۆشیان بە ناڕاستەخۆ تێکەڵیان دەبن؟.**

–ئێستا کاك هەڵکەوت عبدوڵا کە لە گۆڤاری ڕەهەند کاری دەکرد و یەکێکە لە نامەنزیکەرانی ئەو گۆڤارە بێجگە لەو کاك ڕێبین هەردیش ئەوە چەندین ساڵە لە دەزگای سەردەم کاردەکات، بۆ ئەوان کارێکی تازەنیە، وەبەختیار عەلی و هەریوان قانیع ڕەنگە هەرخۆ یان بۆ ئەوە دەست ئەدەن لە ئۆرگانێکی حیزبەوە کارێکەن یان بۆیان جێ بەجێ ئەبێت و خۆشیان پێیان باش ئەبێت لە ئۆرگانێکی حیزبیدا کاریکەن ئەو بوارەی ئەوان کە ئامێنانیان تێداکردووە بۆ کارکردن بۆ حیزب ئاشێت بەڵام ئەوان کەم و زۆر ئزیك بوون لە ئیدارەی کوردیەوە، چ لە سلێمانی و چ لە هەولێر بەچاوی سۆزەوە سەرنجی بەرهەمەکانیان دراوە.

ئەگەر خەڵکانێك یان ئەوەیەك لە نوای ڕابەرینەوە وا تێگەیشتبێ کە ئەوان زۆر دوورن لە دەسەڵاتەوە ئەو ئەوەیە خوێندەوەیەکی خراپی بۆ ئیش و کارو بەرهەمەکانی ئەوان کردووە، ئەگینا من لە نوای ڕابەرینەوە تاوەکو ئێستا ئەو هۆزایانەم وەکو ئەنتی دەسەڵات نەناسیووە.

***ئۆ نیازت لە ئێستا ڕوی لەمەکەت بۆ ڕەخنەگران ئارەستەی یەکێتی و دەسەڵاتی ئەواکردبوو، لە کاتێکدا پێشوتر زۆر ڕەخنەت لە سەرکردایەتی پارتی و ڕەفتارەکانی گرتووە بەڵام ئێستا وەك بەهێك لەخوێنەرەکان پێیان وابە تۆ مەبەستت بەلای پارتی و دەسەڵاتی تۆزەدا هەیە؟**

–من لە مانگی ئەموزی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا هەموو ڕەخنەکانم هەر لە پارتی گرتووەو، ئەمەی لە چوار پێنج مانگی ڕابردوا پرسەیەکم ڕەخنە لە یەکێتی ئەگرتووەو، ئەو ڕەخنەم لە پارتی گرتووە هەتا لە خودی کاك (مەسعود بارزانی)، بۆ نموونە لەسەر کتێبەکەی ئەو کە مەبەرت بە شۆڕشی ئەیلوول و بارزانی یە، من بە درێژی ڕەخنەم لێ گرتووە و لە ڕوانگەی خۆمەوە دەستم خستۆتە سەرخاڵە لاوازەکانی ئەو کتێبە و زۆر بەتوندی ڕەخنەم گرتووە.

لە بارەی ڕەشنووسی دەستوریش، بەو پێیەی کاك مەسعود سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەو وەفدە باڵێیە بووکە چوون بۆ بەغدا پێنج شەش وتاری ڕەخنەمی، ئەتوانم بڵێم بە زمانێکی توند، ڕەخنەم لە خەباتی کاك مەسعود بۆ مەسئەلەی دەستوور لەم چوار پێنج مانگەی دوایی گرتووە، وە لە دەسالی ڕابردووش ئاڵێم بەقەدەر یەکێتی، بەڵام بەردەوام ڕەخنەم لە سەرانی پارتی گرتووە، هەر چەند پێنتوتریش گوتوومە پارتی بۆ وەرگرتنی ڕەخنە هەر هیچ نەبێت لە من ئاڵیان فراوانتر بووەو نووسینەکانی منیان وەك ڕەخنە قبوڵ کردووە، بەڵام بەناخەوە من لێکۆڵینەوەیەکم نووسیوە سەبارەت بەرهەمەکانی ئەوشێوان مستەفا، کە زیاتر لەسەد سەرچاوەی هەیە و بەڕای خۆم یەکێکە لە کارە پوختەکانم، کەچی ئەوان ئەو ڕەخنانە نەخەنە چوارچێوەی ئەشهیر ، پارتی ئەگەر حیزبێکی بێ عەیبیش بێت کەواتیە من هەر خۆم بڕوام بە حیزبایەتی نیە، کەسێکی ئەنارشیست و ئەنتی حیزبیم، یەعنی ئەگەر پارتی بێت بەحیزبێکی لەمەداسەر بێ عەیب، کە ئەوەمەحالە، هەر هیچ جۆرە مەیلێکم بۆ هیچ حیزبێك نیە، نیازم من کە لە ئەنژەمەکدا لەناو یەکێتی ئیشتمانی بۆ ڕادیۆم نووسیوە یان کتێبم بڵاوبۆتەوەو نزیك بووم لە یەکێتی لە سەردەمی شاخدا من هەرچیەکم لەسەر نووسیبێت هیچ سانسۆرێکیان لەسەر نانئاوم ، یەعنی (ی.ن.ك) لە بەرامبەر من لە شاخ نیمۆکراسی تریوون لەوەتەی کە هاتنەوە شار، لە شار ئاوی من چووە لیستی ڕەشەوەو بەڵام لە شاخ هەر چیەکم ئەنووسی کە بە ئاڵی یەکێتی ئیسلامانی ئەبوون، بەڵام وەکو خۆیان بڵێن دەکراوەتەوە، کەچی کەهاتنەوە شار ناخراوتریوون.

ڕەنگە بە حوکمی ئەوەی من خەڵکی سلێمانیم و بەم مۆنیەوە زیاتر هەواڵم لە سەر ئیدارەی سلێمانی و یەکێتی پێ گەیشتبێ، لەسەر ڕەفتارە ئابەجێ وئا نیمۆکراسیەکانیان، بەڵام لە دەفەری زێر دەسەڵاتی پارتیشدا ئەگەر دەست درێژیەك هەبووبێت بۆ سەر بیرو ڕای نووسەران هەرگیز بێ دەنگ ئەبووم، ئیەعنی ئەگەر (یەکێك لە سلێمانی تیرۆرکراوە) لەیەکی ئەیلوولی ١٩٩٤ ئەن ئەوکێشەیەم زۆر بەجدی وەرگرتووە و گەیاندومەتە سەر زۆر ئاستی بەرز لە ئیدارە ئەگەر لە هەولێریش تیرۆر بکرایە هەمان هەڵوێستم دەبوو.

***دوا پرسیارمان بیەگشتی ئۆ لەنووسین و دەربڕینەکانت دەردەکەوێت یان ئەوەی لێی دەخوێنرێتەوە کە جۆرێك لەکێشت هەیە بەرامبەر بە بڕادەرانی گەورەی ڕەهەندیەکان بەل ئەوەنە لە جەند شوێنێك دەڵێی ئەوان لە سەرچاوەی بیانی دەنزن، بەتاوی خۆیان باڵوی دەکەنەوە یا خود گوایە لەنخراوترین خێل لە کوردستان لەوان کراوەترە، بۆچی؟**

–من لە نووسینەکدا حەوت خاڵم نووسیوە سەبارەت بە گەورەیی (ڕەهەند) یان سەمەلەی ئەوان لە ناخراوترین خێل ناخراوترین ئەو ڕایانەم بەڕاستی هیچ شتێك یان هیچ فینێکی تایبەتیم لە دڵا نیە سەبارەت بە گەورەیی (ڕەهەند)، وە ڕێزم هەیە بۆ کاك مەریوان و کاك ڕێبین و ئەوانی تریان، بەڵام بەختیار عەلی ڕێزم بۆ ئەویش هەیە، هەریەکێك وەکو ئەو بیرئەکاتەوە پێی دەڵێ زیلکووس، لە کتێبی فولپی پێکەنیندا هەندێ وتارم سەبارەت بەگەورەیی ڕەهەند، نووسیوە ئەوە ڕەمزی منە لەسەر ئەو گەورەیە من ئاڵیم ئەوانە کەسانێکن هیچیان پێ نیە و هیچیان ئەکردووەتە، بەڵام گەورەترو زیاتر لەقەوارەی خۆیان ڕوناکیان لە سەردەوانەوە هەر لەناو خۆیاندا مێژیی یەکتر وبیسان دەیڵێمەوە ناخراوترین خێلی کوردستان لەوان کراوەترە.

حەزدەکەم ئەوە بزانی کە من نوای ڕابەرین بەمۆی حەمە فەریقی براوە زانیم کە بەختیار عەلی ڕۆمانێکی نووسیوە، هێشتا چاپ نەکراوەو جوابم بۆ حەمە فەریقی برام ناردە وتم بڵێ وەڕۆمانە بنێرێ من بە جوانترین شێوەبۆی چاپ دەکەم.